# ئەلبومێکی وێنەی دیجیتاڵی بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێ

کاتێك کامێرای دیجیتاڵی بەرهەم هات، ماوەیەکی زۆری خایاند تا ئەلبۆمی وێنەی دیجیتاڵی بەرهەمهات، پێش بەرهەمهاتنی ئەلبومی وێنەی دیجیتاڵی کە بریتییە لە شاشەیەك بۆ نیشاندانی وێنەکان، وێنە دیجیتاڵییەکان زیاتر لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەوە سەیر دەکران. بەڵام بە بەرهەمهاتنی ئەلبومی دیجیتاڵی ئیدی وێنەکان لەسەر کۆمپیوتەر یان لەسەر فلاش میمۆری و CDدا هەڵنەگیران.

لەم دواییانەدا ئەلبومێکی وێنەی دیجیتاڵی بە ناوی Chumby 8 بەرهەمهات، دیزاینی ئەلبومە دیجیتاڵییەکە زۆر سادەیە و زۆربەی فۆرماتی وێنەکان دەخوێنێتەوەو نیشانیان دەدات. خزمەتگوزارییەك کە ئەو ئەلبومە لە ئەلبومەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بوونی سیستەمی وایەرلەیسە کە بەهۆیەوە دەتوانی فەیسبووك بکەیەوە، یان هەواڵەکانی تایبەت بە وەرزش و بازاڕی بۆرسە ئاگادار بی، جگە لەوەش خزمەتگوزاری تایبەت بە ڕێکخستنی فایلە مۆسیقییەکانە کە دەتوانی لەگەڵ سەیرکردنی وێنەکان گوێ لە مۆسیقای دڵخوازی خۆشت بگری، هەروەها ئەو ئەلبۆمە دیجیتاڵییە فایلە ڤیدیۆییەکان دەخوێنێتەوە و کاتژمێری بێدارکردنەوەی هەیە و ڕۆژمێری ڕۆژانەش نیشان دەدات.







# بە ئامێری N55U کۆنترۆڵی هێڵی ئینتەرنێت بکە

لە تەکنەلۆژیا نوێدا هیچ شـــتێك وەك خۆی نامێنێ و هەموو شتێك بەرەو تەکنەلۆژیای نوێتر و پێشکەوتوتر هەنگاو دەنێت، ئامێری ADSL تایبەتە بە گواستنەوەی هێڵی ئینتەرنێت بڵاوکردنەوەی ئەو هێڵە. کۆمپانیای ASUS لەم دوایيەدا ئامێرێکی ADSLی بەرهەم هێناوە کە خاوەنی دوو هێزی لێکدەرەوەیە بۆ گواســـتنەوەی زانیارییەکانی هێڵی ئەنتەرنێـــت. ئامێرەکە ناوی N55Uە، ئـــەو ئامێرە بۆ گواســـتنەوەی داتاکان بە قەوارەیەکی مـــەزن لەنێو تۆڕەکاندا بەرهەم هاتـــووە. لێکدەرەوەی 128 میگاباتی هـــاردی ناوخۆیی بۆ کارایی گواســـتنەوەی زانیارییەکانە، جگە لەوەش تۆڕێکی وایەرلەیس لەو ئامێرەدا بە خێرایی گواستنەوەی زانیارییەکان 600 میگابایت لە چرکەدا و سێ ئەنتێنی تێدایـــە. ئامێرەکە وەك هەموو بەرهەمەکانی تایبەت بە گواســـتنەوەی تۆڕی کۆمپانیای ئەیســـۆس تەکنەلۆژیای Ai Radar تێدایە، ئـــەو تەکنەلۆژییە بۆ گواســـتنەوەی زانیارییەکان لەنێوان کۆمپیوتەرەکانە لەمەودایەکی نزیکدا. ئامێرەکە خاوەنی چوار شـــوێنی LAN گیگاباتی و دوو شـــوێنی USB بۆ دانانی پرینتەر و هاردیسك بۆ ئەوەی کە لە تۆڕێکدا هاوبەش بن.

# قاموسی دیجیتاڵی پاردیک دەق بۆ 64 زمان وەردەگێڕێت



دامەزراوەیەکـــی بەرهەمهێنی پرۆگرامی کۆمپیوتەر لە ئێـــران توانیویەتی قاموس واتە فەرهەنگێکی وشە بەرهەم بێنێ کە توانای وەرگێڕانی وشە بۆ سەر 75 زمان و وەرگێڕانی دەقی بۆ ســـەر 64 زمان هەیە. فەرهەنگەکە کە بە پاردیك (PARDIC) ناسراوە، توانای هەیە هەر دەســـتەواژەیەك لە فەرهەنگە ناســـراوەکانی وەك بابیلۆن، ئەکسفۆرد، لانگ مەن، لاروس و وێبستەر و تەنانەت قاموسی مەزنەکانی وەك بەریتانیکا لەخۆیدا رابگرێت.

لەو فەرهەنگە دیجیتاڵییەدا دەتوانی پاش نووســـینی چەند پیتێك لە وشەی مەبەست، لیســـتێك لە وشەی نزیك لە وشەکەی مەبەســـتت نیشان بدات تا بتوانی بەخێرایی وشەی مەبەســـتت بدۆزیەوە. ئەو وشانەی دەیاننوســـی بەبێ گرفت بە سێ زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی بە دەنگ دەریدەبڕێ. هەر وشەیەك لە ژێر ماوسدابێت قاموسەکە بە ئاسانی دەیناسێت و مانای وشەکە بە زمانی مەبەستت لێکدەداتەوە. وەرگرتنی زانیاری لە بانکی زانیاری ویکیپیدیا بە هەشـــت زمانی فارسی، ئینگلیزی، ئیتالی، ئیسپانی، فەرەنسی، ئەڵمانی و روسی و چینی وەردەگرێت.



# گیگابایت و سووکترین لاپتۆپ لە جیهاندا

کۆمپانیــای گیگابایــت ماوەیــەك لەمەوبــەر رایگەیاندبــوو کە نیازی هەیە کەمکێشــترین لاپتۆپ لە جیهانــدا بەرهەم بێنێ، ئێســتاکە کۆمپانیایەکە لە بەرهەمهێنانی لاپتۆپەکەدا ســەرکەوتوو بووە و لاپتۆپی جۆری X11 کە کێشــەکەی تەنیا 975 گرامە بەرهەم هێناوە. مونیتــۆری لاپتۆپەکە نزیکــەی 12 ئینجە، پرۆسیسەری لاپتۆپەکە جۆری نەوەی سێیەمی ئەنتەلە، رامەکــەی 4 گیگابایتە، هاردەکەی 128 گیگابایتە. هەمــوو تایبەتمەندییەکی لاپتۆپێکی پێشــکەوتوو لەو کەمکێشــترین لاپتۆپەی جیهاندا هەیە وەك شــوێنی USB, microSD و جگەلــەوەش وێبکەمەکــەی 3 میگاپیکسڵە.

# کامێرایەکی بچووکی سێ رەهەندی




کامێرای جــۆری Aiptek3D i2 کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوەی ســێ رەهەندی زۆر بچووکە کە توانای فیلــم هەگرتنەوەو وێنەگری ســێ رەهەندی هەیە و هەروەها دەتوانــی فیلم و وێنەی دوو رەهەندیش بگرێ. ئەو فیلمانەی بــەو کامێرایە دەگیرێن بە کوالیتی PHD و 720 و وێنەکان بە کوالیتی 5 میگاپیکسێل دەگیرێ. کامێرا بچووکەکە شوێنێکی تایبەتی بە HDMI هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت فیلمە گیراوەکان لە تەلەڤزیۆنێکی HD لێبدرێنەوە.

لەگەڵ کامێراکەدا، چاویلکەیەکی سێ رەهەندی لەگەڵدایە کە بەهۆیەوە دەکرێت وێنە ســێ رەهەندییەکان لەسەر شاشەی کامێراکە ســەیر بکەی. نیوەی کامێراکە لە پلاستیکێکی روون و بریقەدار دروستکراوە. بەهۆی کێبڵی USBیەوە لەکۆمپیوتەر دەخرێت.



# تەنکترین تەلەڤزیۆنی جیهان لەلایەن LGـەوە

سیستەمی تەلەڤزیۆن چەندین ساڵ بوو هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەســەردانەهاتبوو، نزیکەی دە ســاڵ لەمەوبەر تەلەڤزیۆنی پلاسما بەرهەم هات واتە تەلەڤزیۆنێك کە بە بەراورد بە تەلەڤزیۆنی ئەنالۆگ کارایی و توانایی زیاتری هەبوو، دوای پلاســما تەلەڤزیۆنی LCD و دواتریش LED، دوایین سیســتەمی تەلەڤزیــۆن، تەلەڤزیۆنی جۆری OLEDیە. لە تەلەڤزیۆنی OLED دا شاشەکە بە جۆرێك تەنکە کە وەك جامێك ئەو دیوی دیکە دەبینی. سامســۆنگ و LG دوو کۆمپانیای کۆریایــی لە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا لە رکابەریدان، چەند مانــگ لەمەوبەر سامســۆنگ نوێتریــن تەلەڤزیۆنی OLED خســتە بازاڕ و ئەم هەفتەیــەش LG تەلەڤزیۆنێکی 55 ئینجی بەنــاوی EM960055 خســتە بــازاڕەوە. تەلەڤزیۆنەکە تەنیا 4 ملم بارســتایەتیەتی. کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکەی رادەگەیەنێ کە ئەمە تەنکترین تەلەڤزیۆنە هەتا ئێســتا لــە جیهان بەرهەم هاتبێــت. هەموو کەلێن و کێبڵەکانی تایبەت بە دەنگ و رەنگ لەم تیڤیەدا هەیە جگە لەوەش ســێ شوێنی تایبەتی بە فلاش میمۆری هەیە.

# بەو دەمامکە کۆنترۆڵ






# وێنەکانی فەیسبووکت لەم سایتەدا جوانتر دەبینی




لە جیهانی ئینتەرنێتدا چەندین سایت هەن کە ئەرکیان جوانکردن و ئیفێکت دانان لەسەر وێنەیە، وەك سایتی photofonia و هەندێك سایتی لە چەشنی ئەم سایتە.. ئەمجارە سایتێکتان پێدەناسێنین کە ئەرکی ئەوەیە لەو وێنانەی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داتاناون، لۆگۆیەکی جوان و سەرنج راکێش دروست بکات.

سایتی www. Getloupe.com سایتێکە کە لەدانانی ئیفێکت لەسەر وێنەکانتان ئەو وێنانەی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تویتەر و فەیسبووك و گوگڵ پلاس داتاناون بەشێوەی جۆراوجۆر و سەرنج راکێش وێنەکانتان برازێنێتەوە. کاتێك چوویە سایتەکە ئەو وێنەیەی کە مەبەستە وێنەکانت بەشێوەی ئەویان لێبێت هەڵبژێرە و پاشان ئیزنی چوونە ناو پرۆفایلەکەت لەهەر سایتێکی تۆڕی کۆمەڵایەتیدا بێت بدە، تا دوای ئەپلۆدکردنی وێنەکان، وێنەیەکی جوان دروست بکات.

# ئەو ئامێرە مۆبایلەکەت دەکاتە پلەی ستەیشن

مۆبایلە هۆشمەندەکان ئەرکی مۆبایلیان هەر لە سنووری پەیوەندیگرتن و کورتەپەیام ناردندا نەهێشتۆتەوە، بگرە ئێستا ئەو ئەرکە بۆتە ئەرکی لاوەکییان، ئەرکەکانی وەك کردنەوەی سایتەکانی ئەنتەرنێت، خوێندنەوەی کتێبە ئەلکترۆنییەکان، بەرێکردنی ئیمێل، کامێرای زۆر پێشکەوتوو...تاد بەشکێن لە ئەرکە گرنگ و سەرەکییەکانی مۆبایلە هۆشمەندەکان..

گەمەی ئەلکترۆنی کە پێشتر تایبەت بە ئامێرەکانی تایبەت بە گەمەکردن و کۆمپیوتەر، ئێستا مۆبایلە هۆشمەندەکانیش ئەو ئەرکە بەرێوە دەبەن و گەمەی زۆر بەهێز و ئامێری گەمەکردنیش بۆ مۆبایل بەرهەم هاتوون. یەکێك لەو ئامێرانە دەسکی گەمەی MOGAیە کە کۆنترۆڵێکی نوێی بلوتوسییە، کە بۆ ئامێرە ئەندرۆیدەکان بەرهەمهاتووە. دەسکی گەمەی جۆری MOGA دوو دەسکی ئەنالۆگ و دوگمەی تایبەت بە یاریکردنی تێدایە، ناوەندی ئامێرەکە شوێنێکە بۆ دانانی مۆبایلە هۆشمەندەکە. لەگەڵ ئەو دەسکی گەمەیە پرۆگرامێکیش هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی بلوتوسەکە بەناوی MOGA Pivot app کە دەتوانرێت لە فرۆشگەی ئەنتەرنێتی گوگل واتە Play دانلۆدی بکەی.



# بەم کاتژمێرە دوایین ئیمێل

بە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی کۆمپانیاکان کەوتوونەتە رکابەری بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری نوێتر و کاراتر، کاتژمێری دەستی یەکێکە لە پرۆژە نوێیەکانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتاڵی. لەم دواییەدا کۆمپانیایەك نوێترین کاتژمێری هۆشمەندی بەرهەم هێناوە کە بە کاتژمێری جۆری Cookoo watch ناسراوە، کاتژمێرە هۆشمەندەکە لەگەڵ مۆبایل یا تەبلێت پەیوەند دەدرێت و دوایین ئیمێل و کورتە پەیامەکان لەسەر کاتژمێرەکە دەبینی. کاتێك کە کورتە پەیامێك، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی یا ئیمێلێك یا ئاگادارکردنەوەیەك لەلایەن یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مۆبایلەکەت یا تەبلێتەکەت دێت، ئەو زانیارییە لە رێگای سیستەمی بلوتوسەوە بۆ کاتژمێرەکە دەگوازرێتەوەو لەسەر شاشەی مۆبایلەکە ئایکۆنی تایبەت بەو مەبەستە وەك هێمای کۆترێك بۆ هاتنی ئیمێل یا کورتە پەیام یا مۆبایلێك بە نیشانەی هاتنی پەیوەندی نیشان دەدرێت، ئیدی بەهۆی ئەو کاتژمێرە پێویست ناکات هەمیشە مۆبایلەکەت لەگەڵ خۆت هەڵبگری.

# ـــــــی خەونەکانت بکە

قەت رۆژێك بیرت لەوە دەکردەوە بتوانی کۆنترۆڵی خەونەکانت بکەی، یانی بە ویستی خۆت خەون ببینی و ئەوەی لەناو خەونەکەتدایە بە ویستی خۆت بیگۆڕی، رەنگە بڵێن شتی لەم بابەتە زیاتر وەك درۆیەکی زانستی دەچێت، یان وەك فیلمێکی خەیاڵی.. لەلایەنی زانستییەوە دەرکەوتووە هەندێك کەس هەن دەتوانن بەسەر ئەو رووداوانەی لە خەونەکانیاندا دەیبینن زاڵ بن و ویستی خۆیان کۆنترۆڵی بکەن. لەم ماوەیەدا دەمامکێك لەلایەن کۆمپانیایەك بەرهەم هاتووە و کۆمپانیایەکە دەڵێت هەرکەسێك ئەو دەمامکە بکاتە چاوی بە ویستی خۆی دەتوانی خەونەکەی بگۆڕێت. ناوی دەمامکە Remee. زانایانی بواری خەون دەڵێن هەرکەسێك بەهەندێك راهێنان دەتوانی بەسەر خەونەکانیدا زاڵ بێت، ئەو دەمامکە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەو کارە. لە بەشی پێشەوەی ماسکەکەدا هەستەوەرێکی رووناکی هەیە کە ئیزن بە پرۆسیسەرەکەی دەدات فەرمانی نوێ لە رێگای کۆمپیوتەرەوە وەربگرێت. لەبەشی پشتەوەی دەمامکەدا بۆ هەرکام لە چاوەکان سێ گڵۆپی جۆری LED داندراوە کە کاری سەرەکی ئەو گڵۆپانە ئەنجامی دەدەن، ئایا ئەو دەمامکە تا چەندە خەونەکانمان بەراستی دەگێڕێ و تا چەند لەگەڵ واقیعیەت دەگونجێ و کەی دەکەوێتە بازاڕەوە ئەوانە پرسیارێکن رەنگە هەر لەمساڵدا وەڵام بدرێنەوە.

# پرۆگرامێک بۆ رێککردنی فایل و فۆڵدەرەکان

گەر لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەت فایل و فۆڵدەرێکی زۆر هەیە و قەرەباڵغییەکە هەر مەپرسە.. زۆر کەس لەوانەی کۆمپیوتەر بەکاردێنن و چەندین ساڵیشە کار دەکەن تێکەڵ پێکەڵییەك لە کارەکانیاندا لەکاتی خەزنکردندا هەیە بۆ نموونە، فۆڵدەرێك هەیە فایلێکی مۆسیقی، فایلێکی ڤیدیۆیی، چەند فایلێکی دوکیۆمێنتی و چەندین وێنەی تێدایە... جار هەیە بۆ فایلێك دەگەڕێت نازانی لە کام فۆڵدەردا هەیە، بەکارهێنەرەکەش تاقەتی ئەوەی نییە ئەو هەموو فایلە رێك بخاتەوە... بۆ هەر جۆرە فایلێك فۆڵدەرێك بکاتەوە. چەند پرۆگرامێك هەن تایبەت بە ئەرکی رێککردنی فایلەکان بەپێی جۆرەکانیان و دانیان لە فۆڵدەری تایبەت بەخۆیان، پرۆگرامی DropIt یەکێکە لەم پرۆگرامانە. کاتێك پرۆگرامەکەت لە ئینتەرنێت دابەزاند کە قەبارەکەی زۆر گەورە نییە و پاشان سێتەپ کردنی لەسەر کۆمپیوتەر، ئایکۆنێکی چوارگۆشەی رەنگ شین لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دەردەکەوێت. کارکردن بە پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە بۆ نموونە ئەگەر بتەوێ هەموو ئەو فایلانەی تایبەتن بە وێنە، لە فۆڵدەرێکدا کۆبکرێنەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە فایلەکە بکێشی بۆ ناو پرۆگرامەکە، پرۆگرامەکە فایلەکە دەگوازێتەوە بۆ فۆڵدەرێك کە پێشتر بە پرۆگرامەکەت سپاردووە کە ئەگەر فایلێکی وێنەیی هاتەسەر ئایکۆنەکە بۆ ئەو فۆڵدەرەی بەرێ بکات. یان ئەگەر حەز دەکەی ئەو فایلە وێنەییانەی کە قەبارەیان 2 میگایە لە یەك فۆڵدەردا کۆبکاتەوە، یان کۆپییەکیان لێهەڵگرێتەوە و لە فۆڵدەرێکدا خەزنیان بکات، پرۆگرامەکە هەموو ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدات.



# و کورتە پەیامەکانت ببینە






خوێنەرێکی بەڕێزی ئایتی پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا دەکرێت من لەسەر فلاش میمۆرییەکەم پاسۆرد دابنێم بەجۆرێك کە هیچ کەسێك نەتوانێ بیکاتەوە و ئەو فایلانەی کە تێیدان بیانبینێت؟ ئەگەر دەکرێت بە چ پرۆگرامێك دەکرێت؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەم کارە دەکرێت، راستە فلاش میمۆری شوێنێکە بۆ داکردن و خەزنکردنی داتا شەخسییەکان، جا وێنە بێت یا دەق و نووسین... هەندێك لە فلاش میمۆرییەکان هەر لەسەرەتاوە کە دەیانکڕی، کۆمپانیای بەرهەمێنی فلاش میمۆرییەکە پرۆگرامی تایبەت بە دانانی پەسۆردی بۆ داناوە و پێویست بە دانانی هیچ پرۆگرامێك ناکات. بەڵام ئەگەر فلاش میمۆرییەکەی تۆ پرۆگرامێکی وای تێدا نییە، دوو پرۆگرامت پێ دەناسێنین کە هەرکام لەوان لە دانانی پاسۆرد بۆ سەر فلاش میمۆری رۆڵی خۆیان بەباشی دەگێڕن.

پرۆگرامی USB Secure کە دەتوانی لەم سایتە http://www.newsoftwares.net/usb-secure/ بێ بەرامبەر وەریبگری، پرۆگرامێکی سەرکەوتووە لەدانانی پاسۆرد بۆ سەر فلاش میمۆری، هەروەها پرۆگرامی StorageCrypt کە ئەویش پرۆگرامێکی بەهێزە و بە ئاسانی پاسۆرد لەسەر فلاش میمۆری دادەنێت، ئەویش دەتوانی لە سایتی http://www.magic2003.net/ بەخۆڕایی دایبەزێنی.. بەهیوام گرفتەکەت چارەسەر ببێت...